## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٨٠) لە ٢٠٢٢/١٠/٢٦

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (٨) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩٥) لە ٢٠٢٢/١٠/٢٦، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ڕاسپاردنی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و وەزارەتی دارایی و ئابووری و سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران بۆ جێبەجێکردنی یاداشتی لەیەکترگەیشتنی نێوان وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان و وەزارەتی بازرگانیی حکومەتی فیدراڵی تایبەت بە بەشە خۆراکی هاوولاتییانی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی تەرخانکراوی خەرجییەکانی حاکیمە لە یاسای بودجەی فیدراڵی بە جۆرێک ڕەچاوی دەسەڵاتە دەستوورییەکانی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بکرێت و وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان تەنها لایەنی تایبەتمەند بێت بەم بابەتە لە سنووری هەرێمی کوردستان.

٢. ڕاسپاردنی وەزارەتەکانی (بازرگانی و پیشەسازی، کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، پلاندانان، دارایی و ئابووری) و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بۆ پێداچوونەوەی پرۆژەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراک کە پێشتر کاری لەسەر کراوە و هەندێکیشی جێبەجێکراوە تاوەکو هەرێمی کوردستان بتوانێت بە پشتبەستن بە سەرچاوەکانی خۆی ئاسایشی خۆراکی خۆی دابین بکات. بۆ ئەم مەبەستەش، وەزارەتەکانی ئاماژەپێدراو دەرئەنجامی ئەم پێداچوونەوەیە دەخەنە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران.

٣. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**